# چارەسەری کێشەی کەرکوك
# چارەسەری مەسەلەی کورد ئاسانتر دەکات

**ئاسۆ غەریب**

کێشەی کەرکوك یەکێك لە گرێ کوێرەکانی مەسەلەی کوردە، دۆزینەوەی نەوتو دەوڵەمەندی لەیەدەگو بەرهەمی نەوتدا، گرنگی ئابووری ئەو شارەی بەرجەستەکردووە. بەدرێژایی 50 ساڵی رابردوو، کەرکوك هەمیشە خاڵی لێکترازانی نێوان بزووتنەوەی ناسیونالستی کوردو حکومەتی ناوەندی بووە( بەئێستاشەوە)، تەنانەت ئەمریکاو هێزی هاوپەیمانانیش لەکاتی رووخانی رژێمی بەعسدا چوونەناوی پێشمەرگەی کوردیان بە هێڵی سوور دانا، ئەگەرچی بارودۆخ هەلی ئەوەی رەخساند ئەو هێڵە بەزێنرا.

کە حکومەتەکانی عێراق ( بەمەی ئێستاشەوە) هیچکات ئامادەنەبوون کەرکوك وەك بەشێك لە کوردستان قبوڵ بکەن، وە کە ناسیونالیزمی کوردیش دەستی لەکەرکوك هەڵنەگرتووەو هەمیشە وەك ناسنامەی نەتەوەیی خۆی ناساندوویەتی، هیچیان لەبەر خەڵکی کەرکوكو خاکی کەرکوك نەبووە، بەڵکو شینی حەسن بووە بۆ هەریسە. بۆ ئەوەی ماندوونەبین بەدوای سەلماندنی ئەو راستیەدا بارودۆخی کەرکوك چ لەسەردەمی ڕژێمی بەعسداو چ لەسایەی دەسەڵاتی کوردیدا دەگرین بەشایەد ، کە نەك هەر لەرووی سیاسیەوە بەڵکو لەرووی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیو خزمەتگوزاریشەوە نمونەی خراپترین شارەکانی عێراقە.

ئەو ئامانجە ئابووریە پێبەپێ بوعدی سیاسی وەرگرتووە، بەجۆرێك کە بووە بەگرێکوێرە لە چارەسەری کێشەی کورددا.

راستە (وەك ئێمەش زۆرجاری تر وتوومانە) چارەسەری ریشەیی مەسەلەی کورد، (بۆ نمونە دامەزراندنی حکومەتێکی مەدەنی دیموکراتی کە مافی یەکسان بۆ هەموو نەتەوەکانو مافی هاوولاتیبوونی یەکسان بۆ هەموو دانیشتوانی عێراق بەرەسمی بناسێتو هەڵاواردنی نەتەوەییو ئاینی تێدا نەبێت) مەسەلەی کەرکوکیش لەگەڵ خۆی چارەسەر دەکات، بەڵام ئەمە بەبارەکەی تریشدا راستی تێدایە، واتە ئەگەر کێشەی کەرکوك چارەسەر بێت ئەوا مەسەلەی کوردیش ئاسانتر چارەسەر دەبێتو زووتر ئەم کێشە سیاسیە لەعێراقدا دەبڕێتەوە.

ئەمە راستیەکە سەرانی ناسیونالیزمی کوردیش هەندێك جار لەژێر لێوەوە وتوویانە، نیگەران بوون یاخود شانازی کردن بەوەی کە هەمیشە کەرکوك خاڵی ناکۆکیو هۆکاری سەرەکی تێکچوونی وتووێژەکان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بووە، بەدیوەکەی تردا درکاندنی ئەوەیە کە ئەگەر کێشەی کەرکوك نەبوایە لەمێژبوو کێشەی کورد بەجۆرێك لەجۆرەکان قابیلی چارەسەر بوو.

کەوایە پێویستە جۆرێکی تر بیر لە مەسەلەکە بکرێتەوە. ئێستا کەرکوك تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەو تایبەتمەندیە بەزۆر هاتبێت یان بەخوایشت، سروشتی بێت یان مێژووکرد، هیچ لەو مەسەلەیە ناگۆڕێت کە ناتوانین بەمانای 50 ساڵ لەمەوبەر باس لەچارەسەری کێشەی کەرکوك بکەین، ئێستا کە فیدرالێزم لە یاسای بنەڕەتی ولاتدا چەسپاوە، باشترە لەچوارچێوەی عێراقی فیدراڵدا کەرکوك( دوای گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی) ببێت بە ناوچەیەکی فیدراڵی سەربەخۆ، کە حکومەتو پەرلەمانو دەسەڵاتی تایبەت بەخۆی هەبێتو لەداهاتی نەوتەکەی بودجەی تایبەت دابنرێت بۆ پەرەپێدانو زیادکردنی خۆشگوزەرانیو خزمەتگوزاریەکانو بەرنامە دابڕێژرێت بۆ کەمکردنەوەی ناکۆکیەکانو پێکەوەژیانی ئاشتیانە.

هەڵبەت ئەمە بۆ ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگ ( چ کورد چ عەرەب) قورسو ئەستەم دێتە بەرچاو، بەڵام لەلایەکەوە لەهەموو ئەو ئەگەرو رێگەچارانەی تر کە خراونەتەڕوو شانسی جێبەجێبوونی زۆرترەو لەلایەکی تریشەوە دەبێتە هۆی دابەزاندنی دەمارگیریو ناکۆکیەکان، بە پێچەوانەی رێگەچارەکانی ترەوە کە ناکۆکیەکان پەرەپێدەدات. سەرەڕای ئەوەی وەك لەپێشەوە باسمانکرد یەکێك لە کۆسپە سەرەکیەکانی بەردەم چارەسەری مەسەلەی کوردیش لادەبات. دەبا هەموومان بۆ ئەم رێگەچارەیە تێبکۆشین.